

# کێ تاوان بارە؟

**پەیمان غەریب**
paimangarib@yahoo.com

**من کاتیك کە هەر سایتێك دەکەمەوە پێش هەر شتێك دەگەرێم بۆ ئەوهەواڵو بابەتانەی کە لەسەر مەسەلەی ژنان دەنووسرێت. لەم رۆژانەدا سایتی پەیامنێرهەواڵێکی بلاْو کردبۆوە کە تیایدا باس لەوە دەکات کە 2 کچ دەستدرێژی جنسیان لێکراوە کە پیاوانێك لەتۆڵە لە یەکتری‌و شەڕی تایفی ئەو کارەیان کردووە. کاتێك کە هەواڵەکەم خوێندەوە ئەوەندەی تر ڕق ئەستوور بووم بەرامبەر بەو کۆنەپەرستی‌و پیاوسالاری‌یەی لە کۆمەڵگای کوردستاندا هەیە وە دەسەڵاتداران هەمیشە پارێزەری بوون وە لەبەرامبەر مەسەلەی ژناندا هیچ مەسئولیەتێکیان لە خۆیان نیشان نەداوە.**

**لە کۆمەلگایەك کە ژنان وەکو ئالەت چاویان لێ کرابێ‌وچۆنیان ویستبێ هەلیان سورانبن‌وکورانیش بە ووشەی﴿شەرەف،ناموس﴾گۆش کرابن حەتمەن شتی لەو بابەتەی زۆر تیا روودەدات. لە کۆمەڵگایەك کە ژنان بە شەرەفی خێزان‌و نێرینەکانی تایفەیەك دانرابن، بێگومان ئەوە زۆر ئاسان ڕێی تێ دەچێ کە پیاوانێك بۆ هەلْڕشتنی ڕقی خۆیان لەبەرامبەر پیاوانی تردا وە گوایە بۆ شکاندنی شەرەفی بەرامبەر دەست بۆ دەستدرێژی جنسی بۆ سەر ژنەکان بەرن.**

**هەرکەسێك دەتوانیت شی کردنەوەی ئەم مەسەلەیە بە جۆرێك بکات کە چی بۆتە هۆی ئەوەی ئەو کەسانە دەستدرێژی جنسی بکەنە سەر ئەو ژنانە بەڵام بە رای من دەبێت هەموو لەسەر ئەوە کۆك بین کە ئەم کەسانە تاوانیان کردووە، بەڵام من شکم هەیە لەوەی کە سبەی رۆژ ئەوانەی ئەم تاوانەیان کردووە، ئازادنەبن‌وبەئارەزوی خۆیان بە جادەکاندا نەسورینەوەو فەزل فرۆشی نەکەن. نمونەی لەو بابەتەمان زۆرە﴿مەهابادوجوان عبدوولاْ کە لە شاری سلیمانی کوژران‌ونسرین عزیزو حەسیبە رۆستم کە بەدەستی کەسوکاریان کوژران، کژاڵ خدروکەژال جەمال کە لوتیانیان بڕین.....﴾ و ئەوانەی ئەم تاوانانەشیان کردووە بە ئارەزووی خۆیان دەسوورێنەوەو کەسیش لە گوڵ کالْتریان پێ نەوتوون، لەبەرئەوەی قانوون قانونی ئیسلامەو ژن تیایدا هیچ حەقێکی نییە وکوشتنی ژنان‌وچەندژنەو پلەدووی ژن بە رەسمی ناسراوە. ئەم کارەش لە درێژەی ئەو تاوانانەی کە ڕۆژانە بە مافی ژنان دەکرێت لەبەرئەوەی یاسایەك کاری پێ دەکرێت کە بەتەواوەتی دژی ژنان‌و مافەکانیان‌و کەرامەتیانە. یاسای باو، فەرهەنگی باو لە دژی ژنان داڕێژراون.**

**دەبێ ئەو کەسانەی کە هەستاون بەو کارە سزای یاسایی توند بدرێن. وەهەروەها چاوەروانیش دەکرێت ئێستا ئەو کچانە هەڕەشەیان لەسەر بێت لەلایەن کەس‌وکاریانەوە بۆیە دەبێ ئەو کچانە چاودێری بکرێن وە لە باری تەندروسیشەوە هەرچی پێویستە بۆیان فەراهەم بکرێت.**

دەبێ ژنانیش لای خۆیانەوە داوای گورینی قانون بکەن و خەبات بکەن بۆ دارشتنی قانونێك کە مافەکانی ژنانی تیادا فەراهەم کرابێت. تەنیا یاسایەك دەتوانێت ماڤی ژنان و ئازادیەکانیان و حورمەت و کەرامەتیان فەراهەم بکات کە لەسەر بنەمای یەکسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو بنیاتبنرێت، نەك یاسایەك کە حزبەکانی کوردایەتی کاری پێ دەکەن. ئەوەی ئەوان بۆ پاراستنی پیاوسالاری و کۆنەپەرستی‌یە وە فڕی بەسەرژنان و مافەکانیانەوە نی‌یە.

08-06-2005

**فریدریکستاد**